سەمەرە

# بە ئیجازەی ئازاد هەینی

ئیدریس شەیداهۆ

بۆیەکەم جارمە بزانم پارێزەرێکی راوێژکار و ئەندامێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەبێ هیچ بەڵگەیەک تەشهیر بە هاوپیشەیەکی خۆی بکات، کە لە دوا ژمارەی گۆڤاری راوێژدا خوێندمەوە، کە ئەویش پارێزەری راوێژکار (حسامەدین سەرداری)یە، هەر چەند دەبوایە شتێک لەیاسا بزانم بەڵام بەداخەوە مرۆڤێکی یاسایی نیم، بۆیە حەق بەخۆم نادەم زۆر دەست لەکاروباری یاسا وەربدەم، بەڵام بەو پێیەی لەگەڵ رۆژنامە و رۆژنامەنووسیدا سەرووکارم هەیە، رۆژانە هەندێ بابەتم بەرچاو دەکەوێت کە باس لەیاسا و پێشێلکردن و بەلاستیککردنی یاسا دەکرێت، ناچار بیانخوێنمەوە و رای خۆمم لەسەریان هەبێ، هێندەش ناچمە بنج و بناوانی یاسا و رێساکانی ئەم وڵاتە تەنها ئەوەندە دەڵێم دەبێ ئەگەر لەهەموو وڵاتانی دوای شەڕ و سەرەتای دەست بەکاربوونی حوکومەتەکان گەندەڵی و خەلەلی ئیداری هەبێت، هەمیشە لەکەسە نەخوێندەوار و کەم ئەزموونەکانەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەوە جێگای سەرنج و داخە و لای ئێمە کارەسات لەوەدایە، هەندێک رۆشنبیر و یاساناس و مافناسەکان وا خەریکە ماستاو دەکەن و پەیژە بۆ سەرکەوتن و بەدەست هێنانی پارە و پوولی راییکردنی ئیش و کارەکانیان لەسەر حیسابی یاسا لەناو هەندێک دام و دەزگای حوکومی، ئەگینا منێک هەر هیچ نەزانم لە یاسا و دارایی، هیچ وەرگرتنی پارە بەهەر بیانوویەک بێت، دەبێ بەوەسڵی فەرمی و یاساش رێکی خستبێ و تەنها و تەنها لەلایەن ژمێریار یان خەزنەدار وەربگیرێت، نەک لای سکرتێرێک کە کاکی وەڵامدەرەوەی کە خۆی پارێزەری راوێژکارە ئاماژەی پێداوە، ئەوە پارێزەرە وا بڵێ (بۆیە رۆژمان بەو رۆژە گەیشتووە؟؟) و خەریکی ماستاو ساردکردنەوەیە، قوڕی کوێ بەسەر یاسادا بکەین؟؟، کەپارێزەرێک بە رۆژی رووناک خەریکی ماستاو کردن بێت و تەشهیر بە رۆژنامەنووسان بکات لە لاپەڕەیەکی ئەم گۆڤارە، تەنها لە پێناو سەلامی بەرپرسێک یان پارەی خواپێداوێک، ئەمە سیفاتی بێت،کەواتە لاری نییە گەورەترین سازشیش لەسەر مەسەلەیەکی ویژدان هەژێنیش بکات!!! ئەبێ چی بکەین کە پارێزەرێک ببێتە مامۆستای ماستا و یاساش بکاتە قوربانی چەند دۆلارێک و لەهۆڵەکانی دادگاشدا بە ریباتێکی سوورەوە خۆی با بدات؟؟!!

کەواتە بۆچی گارزندە لەکەسێکی ئاسایی و سادە بکەین ئەگەر ترافیکی سووری بەزاند؟؟ یا بابەعییەکی نەخۆش و نەخوێندەوار کەرەستەکەی لێ بگۆڕی؟؟ یا تەرازووی حاجیەک خوار بوو؟؟... کاتی خۆی حامورابی چەند کەسێکی راسپارد کە یاسا بۆ وڵاتەکەی دابنێن، یەکێک لەبەندەکانی ئەوە بوو کە یەکێک لەیاسا دەربچێ یەک سزای دەدرێت،بەڵام ئەگەر یاساناسان لابدەن حەقە و دەبێ دووجار سزیان بدرێ، خۆتا ئێستا ئەو یاسایە بەیەکێ لە یاسا مرۆڤ دۆستەکان دەداندرێ، چونکە رێک و راست پێمان دەڵێ گریمان تۆ لەیاسا تێناگەی، ئەگەر هەڵەش بکەی رەنگە تاوانەکەت سووک بێت،بەڵام ئەوەی خۆی یاسا دادەرێژێ و داکۆکی لێ دەکات، لەپرێکا کێرڤی بەرژەوەندیەکەی وا بخوازێت رێک پێچەوانەی یاساکەی خۆی ببێتەوە، ئەمە دەبێ چ کارەساتێک بێ؟؟!! بۆیە حەق وایە لەحامورابییەوە ئەوە فێر بین، ئەگەر خاوەن یاسا یان هەڵگری بڕوانامەی یاسایی دژی یاسا کاری کرد، یاخود یاسای لەبەرژەوەندی خۆییدا گۆڕی شایانی ئەوەیە دووجار سزا بدرێ، هەرچەند چەندین جار کاکی وەڵامدەرەوە لە دادگا و سەندیکاش سزا دراوە، بەڵام ئەمجارە پێوستە دووجار سزا بدرێ.